وەرزش

331

SPORT

www.werzish.150m.com

ژمارە (٣٣١) چوارشەممە ٢٠٠٤/٧/٢١ ٢٧٠٤ی کوردی ٤ لاپەرە نرخی (١٥٠) دینارە Wednesdy 21 / 7 / 2004



لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای وەرزش

نێچیرڤان بارزانی: دەبێ بایەخ بەڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان بدرێت لە وەرزشدا

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەرزش لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای وەرزش کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کاروچالاکی ئەنجومەنی باڵای وەرزش و پێداویستی و کەموکوڕییەکان خرانەڕوو، هەروەها باس لە چالاکی وەرزشی یانەو یەکێتییە وەرزشییەکان و چۆنیەتی رێکخستنی ئەو یانانە کرا کە خزمەت بزاڤی وەرزشی و بەڕێوەبردنی وەرزش دابێت لە کوردستاندا.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەو مەڵبەندی وەرزشی کە سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان لەخۆبگرێت لە شارەکان و هەروەها دروستکردنی یاریگاو هۆڵە وەرزشییەکان بە پێی ئەولەویات و چڕی دانیشتوان لە شارو شارۆچکەکاندا کرا.

جەختیش لەسەر ئەوە کرایەوە کە کۆمپانیای راوێژکاری بە هەماهەنگی ئەنجومەنی باڵای وەرزش دوای دیراسەکردن پرۆژەکانی یاریگا و هۆڵە داخراوەکان دروست بکەن.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێزیان داوای لە ئامادەبووان کرد وەک تیمی کار لە خزمەت بەرەوپێشبردنی وەرزش کاربکەن کە وەرزش بۆ هەموو کۆمەڵگەیە بەبێ جیاوازی رەگەزو بیروبۆچوونەوە، داواشی کرد کە دەبێ بایەخێکی تەواو بە رۆڵ و بەشداری ئافرەت لە بواری وەرزش بدرێت، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەلی یەکێتییە وەرزشییەکان قۆتاغ بە قۆناغ و بەپێی ئەولەویات کرا.

ئەڵمانیا دوو یاری دۆستانەی تۆپی پێ لەگەڵ بەڕازیل و ئەرژەنتین ئەنجام دەدات

لە هەواڵێکی سەرسایتی یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە، کە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەڵمانیا دوو یاری دۆستانەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل پاڵەوانی مۆندیالی (٢٠٠٢)ی کۆریای باشوورو ژاپۆن، لە رۆژی ٢٠٠٤/٩/٨ بەبۆنەی کردنەوەی ستادیۆمی ئۆلۆمپی شاری بەرلین لەسەر هەمان ستادیۆمی ناوبراو ئەنجام دەدات هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە دەستپێکی یارییەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، بۆ ساڵی ئایندە (٢٠٠٥) لە (٢٠٠٥/٢/٩) لە ستادیۆمی شاری دۆسلدۆرف ئەنجام دەدات.

یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان لە تۆپی پێ

لەمیانی یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی یانە پلە دووەکانی هەرێمی کوردستان لە تۆپی پێ، ئەمڕۆ چوار شەمە لە گروپی هەولێر هەردوو یانەی (شاویس و هێرش) و لە گروپی سۆرانیش (مێرگەسۆرو زاگرۆس) رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، سبەی پێنج شەمەش لە گروپی هەولێر (هندرین و مەخمور) و لە گروپی سۆرانیش (بەرانەتی و پێشمەرگەی کوردستان) بەیەک دەگەن، یارییەکانیش بە سیستەمی دەرچونی دۆڕاو لە دوو یاری چوون و هاتن پەیڕەو دەکرێت.

ئەنجامی بەشێک لە یارییەکانی قۆناغی یەکەم (هاتن) بەم شێوەیە بوو: هندرین×میدیا(٤-٣) ل.س، پێشمەرگەی کوردستان×خەلیفان (١-١)، هێرش×ئەکاد (١-سفر)، مەخمور×تورکمان (٣-٢)، شاویس× قوشتەپە (١-١)، ئالا×نیشتمان (١-سفر) خەبات×قەلا(٢-سفر).

فۆتۆ: مەحمود هەولێری

یانەی پێشمەرگەی کوردستان

هەگبەی هەواڵەکان

* چەند رۆژێکە بە بەشداربوونی (٣٨٩) تیپی میللی نێو شاری هەولێرو دەوروبەری یارییەکانی پاڵاوتنە بەراییەکانی یازدەمین پاڵەوانیەتی تۆپی پێی بارزانی نەمر بەڕێوەدەچێت ئەم پاڵەوانیەتیەش ساڵانە لەلایەن لقی هەولێری (ی.ل.د.ک) سەرپەرشتی دەکرێت و یارییەکانیشی لە گۆڕەپانەکانی بارزانی نەمرو ئاڵای کوردستان و بنکەی لاوان و گوڵان و سازدەکرێت. ئەمەش ئەنجامی بەشێک لە یارییەکانە: هەڵمەت×ئەتڵەس (٤-سفر)خواکورک×ئاراس(١-سفر)، خەبات×ماردین(٣-سفر)، شەیدا×رێزان(١-سفر) ئازادی×هەکاری(٤-٢)، ئایندە×ئاکام (٦-سفر)، خانزاد×رەوەند(٣-سفر)، هێز×دڵسۆز(٣-١)، راپەرین×سەنگەر (٢-١)، رەنگین×گەلاڵی (١-سفر) لێهات×کاسیکاران (٣-سفر)، شایانی باسە لەم پاڵاوتنانەدا (٦٤) تیپ سەردەکەون بۆ ململانێ کردن لەسەر جامەکە.

* لەم رۆژانەی داهاتوودا هەردوو ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کوڕانی شاری هەولێر (سیروان سەلمان)و(ئەرسەلان قادر) لەگەڵ کۆمەڵێک ناوبژیوانانی عێراقی بە مەبەستی مەشقکردن بەرەو وڵاتی تورکیا بەڕێ دەکەون، ئەم هەواڵەش ناوبژیوانی نێودەوڵەتی سیروان سەلمان پێی راگەیاندین.

* ل حەفتیا بوریدا بنگەهێ لاوێن ئاکرێ مەهڤانیا بنگەهێ لاوێن زاخو کر بو یارییێن باسکت بولێ و ڤولی بۆلی و تەپاپێ ل چار چۆڤی قارەمانیا بنگەها ل سنورێ پارێزگەها دهۆک کو ل روژا ئێک شەمبی ٢٠٠٤/٧/١١ تیمێن ڤولی بۆلی گەهشتنە ئێک و ل یارییەکا دوو گێمیدا تیما زاخو شیا سەرکەفیت و ل روژا سێ شەمبی رێکەفتێ ٢٠٠٤/٧/١٣ تیمێن باسکت بولێ گەهشتنە ئێک و ل ئەنجامدا تیما زاخو سەرکەفت ب ٤٢ خالا بەرامبەر ٢٢ خالا و ل روژا پێنج شەمبی رێکەفتێ ٢٠٠٤/٧/١٥ تیمێن تەپاپێ هەڤرکیەکا توند هاتە کرن دنافبەرا یاریزانێن ئاکرێ و زاخو لێ هیچ گول نەهاتنە کرن و بهەڤالینی مان.

ئەڤەو بریارە ب حەفتیا بهێت بنگەهێ وەرزشی و لاوێن دهۆک مهڤانا لاوێن ئاکرێ دێ بیت.

* ژ بو دەست نیشان کرنا یانێن پلە دوو یێ و سێ یێ ل هەرێما کوردستانێ یانا ئاکرێ شیا ل سەر یانا دینارتێ سەرکەفیت کو ل یاریا چوونێ شیای چار گولا تومار بکەت بەرامبەر سێ گولا ل سەر یاریگەها دینارتێ و ل یاریا هاتنێ ل رێکەفتێ ٢٠٠٤/٧/١٢ و لسەر یاریگەها ئاکرێ یانا ئاکرێ شیا ئێکسان ببیت دگەل یانا دینارتێ کو هەڤرکیەکا دژوار دنافبەرا هەردوو یان دروست ببو و ئاکرێ سەرکەفتن مسوگەر کر، و ژلایەکێ دیڤە یانا بەردەرەش دگەل یانا شێخان ئێکسان بو ل یاریا هاتنێ کو لسەر یاریگەها ئاکرێ هاتیە ئەنجامدان و ل یاریا چوونێ و لسەر یاریگەها شیخان یانا شێخان شیاسەرکەفتن لسەر یانا بەردەرەش ل رێکەفتی ٢٠٠٤/٧/١٦ ب ئێک گول کو ژلایێ یاریزان عومەر عەلی ل دەقیقا ٢١ێ هاتیە تومار کرن بەرامبەر هیچ بو بەردەرەش و یانا شیخان گەهشتە پلا دوویێ ل خولا هەرێما کوردستانێ کو ژلایێ جڤاتا بلندا وەرزشی دهێتە سەرپەرشتی کرن.

فەرمانێکی ئەنجومەنی باڵای وەرزش

ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستان لە فەرمانێکدا بڕیاریدا بەگواستنەوەی ئەو بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە بۆ ئەو بەشانەی کە نیشان کراوە بەرامبەر ناوەکانیان:

١- بەڕێز خالید رەسول بایز بۆ بەرپرسی/ بەڕێوەبەرایەتی یەکێتیە وەرزشیەکان.

٢- بەڕێز سائیر عەبدولئەحەد بۆ بەرپرسی/ بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنان.

٣- بەڕێز سەفین کانەبی بۆ بەرپرسی / بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی ناوخۆ.

بەڕازیل خولی جیهانی یاری بالەی بەدەست هێنا

هەڵبژاردەی بەڕازیل پاڵەوانیەتی خولی جیهانی لەیاری تۆپی بالەی بە دەست هێنا، کە یارییەکانی ئەمساڵ لەشاری رۆمای ئیتاڵی ئەنجامدرا بە بەشداریکردنی هەڵبژاردەکانی بەرازیل و ئیتالیا و سربیا و بولگاریا، بەرازیل لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی (٣-١) گێم لە هەڵبژاردەی ئیتالیای بردەوە لە دوای یارییەکی ئاست بەرزدا کە یاریزانانی هەردوو هەڵبژاردە جوانترین ئاستی هونەری یاری بالەی جیهانیان پێشکەش کرد، ئەنجامی گێمەکان (٢٧-٢٥) ٢٥-١٩، ٢٥-٢٧، ٢٥-١٧) خاڵ لە بەرژەوەندی بەڕازیلییەکان بوو، هەڵبژاردەی سربیا پلەی سێیەمی بەدەست هێنا، دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٣-سفر) گێم لەهەڵبژاردەی بولگاریای بردەوە.

بەڕازیل - ئۆرگوای لەیاری پێش کۆتایی

بەرە بەیانی ئەمڕۆ چوارشەمە یاری یەکەمی جامی کوپا ئەمریکا لە قۆناغی پێش کۆتاییدا لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و کۆلۆمبیا ئەنجام درا، لەلایەکی دیکەوە بەرە بەیانی سبەینێ پێنج شەمە یاری دووەمی ئەم قۆناغە لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی بەڕازیل و ئۆرگوای ئەنجام دەدرێت، براوەی هەردوو یاری رۆژی یەکشەمەی داهاتوو لەیاری کۆتایی پاڵەوانیەتیەکە بەیەک دەگەن. جێی باسە یاریزانی بەڕازیلی ئەدریانۆ تا ئێستا گۆڵکەری ئەم پاڵەوانیەتییە بە تۆمارکردنی (٥) گۆڵ.

ئەمڕۆ یارییەکانی جەولەی دووەمی جامی تۆپی پێی نەتەوەکانی ئاسیا دەست پێ دەکات

ئەمڕۆ چوارشەمە لەیاریگا جیاجیاکانی وڵاتی چین، یارییەکانی جەولەی دووەمی قۆناغی یەکەمی پاڵەوانیەتی تۆپی پێی جامی نەتەوەکانی ئاسیا (٢٠٠٤) دەست پێدەکات، لەگروپی یەکەم (بەحرێن و قەتەر) و (چین و ئەندونیسیا) بەیەک دەگەن، سبەی پێنج شەمە (عێراق و تورکمانستان)و (ئۆزبەکستان و سعودی) یاری دەکەن، هەینیش (ئەردەن و کوێت)و (ئیمارات و کۆریای باشوور)، شەممەی داهاتووش بە هەردوو یاری (عومان و ئێران) و (تایلاند و ژاپۆن) کۆتایی بەیارییەکانی ئەم جەولەیەش دێت. جێی باسە یاری یەکەم لەکاتژمێر (٥ر٢)و دووەم لەکاتژمێر (٥)ی پاش نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت. لەلایەکی دیکەوە یەکێتی تۆپی پێی قەتەری راهێنەرەکەی «فیلیپ تروسێ»ی فەرەنسی لەدوای دۆڕاندنە چاوەڕوان نەکراوەکەی قەتەر بەرامبەر ئەندونیسیا دوورخستەوەو راهێنەرێکی قەتەری بۆ یارییەکانی داهاتوو دامەزراند.

گۆڵی یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆزباکستان (قاسموف) لە گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق(ئەحمەد عەلی)